# پارتی و یەکێتی، جاشایەتیش مۆنۆپلی ئەوانە

## ڕەخنەی ڕوخێنەر

**ئاسۆ بیارەیی/**7-6-2007 **/سوێد**

بریا پارتی و یەکێتی وەکو یەکگرتووی ئیسلامی ، لە هەزار هەڵە، جارێک لە جاران ڕەخنەیەکیان لە خۆیان بگرتایە لە بەردەم جەماوەردا. پەشیمانی یەکگرتووی ئیسلامی بەرامبەر کۆبونەوەی قاهیرە لە 29/ 4/ 2007 بە لاوازای دانانرێت، بەپێچەوانەوە خاڵێکی وەرچەرخانە لە بەر پرسیارەتیان بە رامبەر جەماوەری خۆیان و لایەنەکانی تر، هەرچەندە دەبوو ڕەخەنەیەکی ئاشکرا لە خۆیان بگرن.

ئاخر کە حزبی شیوعیش سالآنی حەفتا لە سەدەی پێشودا هاوپەیمان بوو لە گەڵ حزبی بەعسدا. هەمان شت پارتی و باڵی جەلالیزم جاشایەتی ئەویشیان بەدڵ نەبوو، دیواری شاری سلێمانی نەمابوو لەسەری نەنووسن: **جاش و جاشایەتی گەوجە و بارەگای چی؟** بەڵام خۆیان هەر لە شەست و شەشەوە تاکو ڕۆخاندنی ڕژێمی داگیرکەری سەددام، دەها جار لە ژێر پەردەی ووتوێژدا، چەندجارێک لەگەل بەعس، چەند جارێک لە گەڵ ساواکی ئێران و عەلی پەرستەکاندا و میتی تۆرانیەکاندا، بوونەتە پاشکۆی ئەو داگیرکەرانە. ئەنفالکردنی شاری هەڵەبجە، یەکێکە لە زیندووترین بەرهەمی تێکەڵەی جاشایەتی(پارتی، ینک، حسک و مەجلسی ئەعلی و ئیسلامیە پاوەنخوازەکانی ئێران) کە لەماوەیەکی کورتدا هەزارەها کوردی سیڤیل شەهید بوون.

دەبێت پارتی و یەکێتی لە یەکگرتووی ئیسلامیەوە فێربن کە هەر هیچ نەبێت بۆ سڕینەوەی خاڵە ڕەشەکانی خۆیان و بۆ فریودانی گەلی کوردیش بێت جارێک لە جاران، پەشیمانی بنوێنن یان مافیش بەلایەن و کەسانی تر، لە دەرەوەی پارتییەکانی خۆیان بدەن کە بەختی جاشایەتی تاقی بکەنەوە.

دەبوو یەکگرتووی ئیسلامیش دوای پەشیمانی، گوشاری بۆ ئەو دوو زلهێزە بهێنایە تاکو چیتر مۆنۆپڵی گەورە و بچوکی باشووری کوردستان نەکەن. دەبوو ڕاشکاوانە باسی ئەو 350 هەزار جاشەیان لە گەڵدا بکات کە وا خەریکن سەنگەر دەگۆڕن، دەبوو ناوی چەند جاشێکی وەکو تەحسین شاوەیس، قالە فەرەج و بەعسێکی فاشستی وەکو وەفیق سامەرایی بهێنایەتەوە بیریان.

سەیر لەوەدایە کە پارتی و یەکێتی خەریکی دروستکردنەوەی عێراق ئەنفالن و هەموو کۆششێک دەکەن بۆ ڕازیکردنی عەرەبە بەعسیە شۆڤێنستەکان، بەڵام دەست دەخەنە ناو سەروەری پارتیێکی سەربەخۆی وەکو یەکگرتووی ئیسلامی کە بنکەیەکی جەماوەری بەهێزی هەیە و لێی قەبوڵ ناکەن بە ئازادی هاوپەیمانی لە گەڵ ئەو لایانانەی کە دەخوازێت ببەستێت . بەڵام ئەو مافە بە خۆیان دەدەن، لە گەڵ میتی تورکیدا دژی باکوری کوردستان بەرە ببستن، یان شانازی بە 31 ئابەوە دەکەن، کە دەها پێشمەرگەی باشوور و باکوری تیا شەهیدکران، با ڕاوە دیموکرات و تیرۆرکردنی پشمەرگەی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووەستێت.

**بەڵی پارتی و یەکێتی جاشایەتیش بەکەسی تر ، بێجگە خۆیان بە ڕەوا نابینن..ئەوەش دژی پرینسیپەکانی ئازادی جاشایەتیە کە پارتی و یەکێتی ئاخەنیویانەتە ناو تاریکایی گەندەڵی پەرلەمانە بێ ئۆپۆزسێونەکەیانەوە. لێرەشدا جێگەی خۆیەتی کە سکرتێری یەکگرتوو(مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین)دوای ئەو هاوپەیمانیەتیە سەرنەکەوتووە، چیتر ڕیزەکانی یەکگرتوو لاواز نەکات و وەکو داب و نەریتێکی مودێرن واز لە پێگەی خۆی بهێنێت، نەک وەکو سەرۆکی پارتیەکانی تر، دروشمی سەرۆکایەتی تاکو قەبرسان هەڵبگرێت.**

http://www.krg.org/articles/article_detail.asp?LangNr=13&LNNr=36&RNNr=71&ArticleNr=18298

ه

.. http://www.kurdistanan.net/index.php?mod=article&cat=siyasi&article=5307